# بڵاڤۆکی ٢٠٢١/٣/٢٥ کاتژمێر ٩:٤٥ بە هۆی دۆخی نوێی ئێپیدێمی کۆڕۆناوە

لە ماوەی دوو حەوتەی ڕابردوودا تەشەنەی ئێپیدێمی کۆڕۆنا لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی نەخۆشخانەی باکووری ڕۆژاوا (لەنسی-پۆهیا سایڕالا) ٥٥,٣ کەس لە هەر ١٠٠٠٠٠٠ کەسان دا بووە. چوونکە ئەگەری ئەوە هەیە کە دۆخی تەشەنەسەندی ئێپدێمیەکە بە خێرایی بەرەوە زیادبوون بڕوا، کارگرووپی پێڕاگەیشتن بە نەخۆشیە گشتگرەکان بڕیاری داوە کە تەواوی ڕێکارەکانی پارێزگاری کە تا ئێستا لە ئارادا بوون، بۆ ماوەیەکی تر درێژ بکاتەوە.

## ڕاسپاردەکان

١. لە کاتێدا کە هیچ زەمانەتێک بۆ ڕەچاوگرتنی مەودای ئەولەهی و کۆمەڵایەتی نیە، سوور و پێداگرین بۆ ئەوەی کە لە دەمامک کەڵک وەربگرن.

٢. داوا دەکەین، کە بەشداریی لە هیچ کۆڕوکۆبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ئایینی و هتد دا مەکەن، کە زیاتر لە ٦ کەس تێیدا بەشدار بن، ئەگەریش بەشداریتان کرد، حەتمەن مەودای کۆمەڵایتی ڕەچاوبگرن و لە ماسکیش کەڵک وەربگرن.

٣. داوا دەکەین بە هیچ شێوەیەک جەژنەکانی دۆستانە و بنەماڵەیی لە شوێنی سەرداپۆشراودا پێک مەهێنن.

٤. داوا دەکەین کە لە سەفەرە نازەرووریەکانی کاری و سیاحەتی خۆ ببوێرن. بە تایبەت لە سەفەر بۆ ئەو شوێنانەی کە لە بارودۆخی نەخۆشیەکاندا لە ڕەوتێکی خراپ دان خۆ ببوێرن، بۆ نموونە لە سەفەرکردن بۆ سوئێد.

٥. بە کەسانی سەرووی ٧٠ ساڵەوە ڕادەسپێرین کە وەکوو ماوەی پێشوو چاوپێکەوتنەکانی نازەرووری دەگەڵ کەسوکارەکانیان کەم کەنەوە و تەنیا بیر لە چاوپێکەوتنەکانی زۆر زەرووریان بکەنەوە.

٦. داوا لە هەموو لاوان و گەورەساڵان دەکەین، کە لە هیچ چەشنە پێشبڕکەیەکی وەرزشی، یان شوێنی نەمایشی گشتییدا بەشداری نەکەن، و ئەگەر بەو هۆیانەوە بە تەمای سەفەر کردنن، حەتمەن سەفەرەکەیان هەڵوەشێننەوە.

٧. ئەو کەسانەی بالای ١٨ ساڵیانە و لە کەرەسەکانی گشتیی هاتوچۆ کەڵک وەردەگرن، داوایان لێدەکەین کە حەتمەن لە دەمامک (ماسک) کەڵک وەرگرن.

٨. داوا لە بەرپرسانی مناڵان دەکەین، کاتێ بە هەر هۆیە دەڕۆنە ناو ژووری قوتابخانە یان باخچەی منالان (ماڵی ڕۆژانەی مناڵان)، حەتمەن لە ماسک کەڵک وەربگرن
.

٩. تەواوی ڕێستووران و چێشتخانەکان دەبێ تا ڕێکەوتی ٢٠٢١/٦/٣٠ لە ڕێکارەکانی کاتەکانی کار، کە حکومەت دابینی کردووە، ڕێڕەوی بکەن:

*https://finlex.fi/fi/laki/alkup/2021/20210166*

# سنووردارکرنی خزمەتگوزاریەکان و کاتەکانی خزمەت

١٠. کەسانێک کە بیانهەوێ دەگەڵ کەسوکارەکانیان لە ماڵی بەساڵاچوان و ئەو شوێنانەی تر کە لە ژێر چاوەدێری سڵامەتیدان چاوپێکەوتنیان هەبێ، دەتوانن بە لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی ئیمەنی سڵامەتیی و کەڵک وەرگرتن لە کەلوپەلەکانی پاراستن لە شوێنی سەرئاوەڵەدا دەگەڵ کەسەکانیان چاوپێکەوتنیان هەبێ. چاوپێکەوتنەکان دەبێ بە شێوەی نۆرەیی بێ، و بەر لە چاوپێکەوتن دەبێ دەگەڵ فرمانبەرانی ئەو بەشانە ڕێکەوتنیان کردبێ. لە هر دۆخێکدا بە لانی زۆرەوە تەنیا دوو کەس دەتوانن هاوکات لە شوێنی چاوپێکەوتنەکاندا هەبن.

١١. تەوای شوێنە سەرداپۆشراوەکان کە سەر بە شارەوانیی کێمین، و بۆ وەرزش و چالاکیەکانی ڕۆژانە کەلیان لێ وەردەگیرێ، بۆ کەسانی سەرووی ٢٠ ساڵ دادەخرێن، و چاوەڕوانین کە شوێنەکانی تریش ئەو کارە بکەن.

١٢. ئەو بەرنامانەی کە شارەوانیی پێشتر گەڵاڵەی بۆ دارشتبوون، لەو ماوەیەدا هەڵدەسەپێندرێن و داوا دەکەین، کە بەشداریی لە هیچ کۆڕوکۆبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ئایینی و هتد دا مەکەن، کە زیاتر لە ٦ کەس تێیدا بەشدار بن.

١٣. بۆ مسۆگەربوون لە ڕەچاوکردنی بنەماکانی پاراستن و ڕاگرتنی مەودا فیزیکیەکان، لەو ماوەیەدا شوێنە چاندیی و فەرهەنگیەکان (بۆ نموونە مووزە و ساڵۆنی تیاتر و کۆنسێرت) دادەخرێن؛ و ڕادەی هاتوچۆ و ئاپۆرەی خەڵک لە کتێبخانەی گشتیی شار سنووردار دەکا.

١٤. ئێستا چالاکیەکانی ئەو شوێنانەی خوارەوە سنووردار کراون:

- خزمەتەکانی ئۆفیسی شارەوانیی لەسەر مشتەریان دادخرێن، و ئەگەر مشتەریەکان کاری پێویستیان هەبێ، بۆ چاوپێکەوتن دەگەڵ کارمەندەکان، دەتوانن پێشتر کات بگرنەوە.
- خزمەت و چالاکیەکانی ڕۆژانەی نەخۆشخانە دادەخرێن و ئەگەر پێویست بێ، دەتوانین لە ماڵێ خزمەتگوزاریەکان پێشکەشی مشتەریان بکەین.
- چوون بۆ سۆنا لە شوێنەکانی خزمەتگوزاریدا سنووردار دەکرێن.
- چاوپێکەوتنەکانی ڕۆژانەی چاوەدێرانی بەشی دەرمانیی لە خانەی بەساڵاچوانی ئاپیلادا سنووردار دەکرێن.
- پشتگریی لە چالاکیەکانی بنەماڵەیی هەڵدەسەپێندرێ.
- ناوەندی چالاکیەکانی لەپیە تێهداس سنووردار دەکرێ.

١٥. بۆ کەسانی سەرووی ٢٠ ساڵ، ساڵۆنە سەرداپۆشراوەکانی وەرزشیی لەو ماوەیەدا دادەخرێن، کە هیوادارین شوێنەکانی تریش کە سەر بە شارەوانیی نین، ئەو کارە بکەن:

- داوا لە بەشداربووانی ئەو شوێنانە دەکرێ کە بە کەلوپەل و جلی وەرزشیەوە بێنە ئەو شوێنانە و بە تەواوی خۆیان لە جل گۆڕین لە ژووری تایبەت بە جل گۆڕیندا بپارێزن. هەروەتر داوا لەو کەسانە دەکەین کە لەو شوێنە گشتیانەدا خۆ نەشۆرن.
- نابێ زیاتر لە ١٠ کەس هاوکات پێکەوە لە ژووری جلُ گۆڕین دا بن.
- ڕادەی ئەو کەسانەی کە لە دەتوانن هاوکات لە هۆڵە وەرزشیەکاندا بەشداری بکەن سنووردار کراوە.
- لە کاتی ڕاهێنانەکان هەموو دەبێ لە ڕێکارەکانی پاراستن کە لە لایەن فێدێراسیۆنە وەرزشیەکانەوە دەردەکرێ، پەیڕەوی بکەن.
- ئەوانەی دەچنە ئەو شوێنە گشتیانە، ڕێکارەکانی وردی بەرپرسانی وەرزشی ئەو شوێنانە ڕەچاو بگرن و هەروەتر بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر سەردانی ماڵپەڕە وەرزشیەکان بکەن.
- ئەو کەسانەی کە دەگەڵ بەرپرسان یان هاوڕێیانیان دەڕۆنە شوێنەکانی وەرزشی، نابێ هاوڕێیان و بەرپرسانیان بڕۆنە ژووری جل گۆڕین و ژووری ڕاهێنانەکان. ئەگەر بە هەر هۆیەک ئەوان ناچار بوون بڕۆنە ژووری جل گۆڕین یان ڕاهێنان، دەبێ تەواو وەخت لە ماسک کەڵک وەربگرن.
- یانەکانی وەرزشی بەرپرسن لە بەڕێوەبردنی تەواوی ڕێکارەکانی تەندرووستی و ئەولەیی، لە تەواوی شیفتەکانی کاریان دا.

- ئەو ڕێکارانە بۆ کێبەرکیەکانی وەرزشی قارەمانیەتی ناوخۆی وڵات نین. ئەو ڕاهێنانانە دەبێ لە گرووپەکانی دە (١٠) کەسییدا بگوونجێندرێن و بە شێوەیەک بن کە چۆنیەتی گرووپەکان هەر لە بیچمی خۆیاندا بمێننەوە. ئەو چالاکیانە دەبێ لەسەر بنەمای ڕێکارەکانی ئەولەیی و هەروەتر بنەمای ڕێکارەکانی وەزارەتی فەرهەنگ و پەروەردە بن.

١٦. هەر ئێستا، قوتابیانی پۆلەکانی سەرەتایی، ناوەندی و مام ناوەندی بە شێوەی ئاسایی لە قوتابخانەکاندا دەرس دەخوێنن. لە کاتی فێرکاریەکاندا دەبێ تەواوی ئەرک و یاسا و ڕێساکانی پارێزگاریی ڕەچاو بگرترێن. لە پۆلەکانی ناوەندیی و دواناوەندی قوتابخانە هەم قوتاابیان و هەم مامۆستایان و بەرێوەبەران دەبێ لە ماسک (دەمامک) کەڵک وەربگرن.

لە کاتی وانەکانی قوتابخانەداا دەبێ لە ڕێکارەکانی وەزارەتی فەرهەنگ و پەروەردە کەڵک وەرگرتێ. بۆ پاراستن لە داهاتوودا، فێرکاریی لە ڕێگەی دوورەوە و هەروەتر ئاڵوگۆڕ لە خولەکانی قوتابخانەدا، لە بەرنامەکانی پێشگیرانەی ئێمەدا پێشبینیی کراون.

١٧. ڕۆژانی سێشەممە و پێنجشەممە کاتژمێر ١٢ تا ٣ی نیوەڕۆیە، بە شێوەی بەلاش (خۆڕایی) کەلوپەلی پاراستنی هەناسە لە بەشی ئینفۆی فرمانگەی خزمەتەکانی کۆمەڵایەتی (سۆشیال) لە نێوان کەسانی کەم داهاتدا دابەش دەکرێ.

ئەو ڕێکارانە تا ڕێکەوتی ٢٥ی ئەپریلی ٢٠٢١ یان تا پێشهاتنی بارودۆخێکی نوێ ڕەچاو دەگرترێن.

## تێست و نموونەهەلگرتنەوە

لە ڕۆژانی کاریی حەوتەدا، تێست و نموونەهەڵگرتنەوە لەو ئادرێسە (Sairaalakatu 1, Kemi) لە نزیک تۆریە. تێستەکان ڕۆژانی دووشەممە تا هەینی (جومعە) لە کاتژمێر ١٠ ی بەیانیەوە تا ٣:٣٠ دوای نیوەڕۆیەن، کە بۆ تێست و تاقیکردنەوە دەبێ پێشتر کات بگرنەوە.

ئەو کەسانەی کە دەستیان بە ئینتێرنێت ڕاناگا، یان بە هەر هۆیەک ناتوانن بە شێوەی ئێلێکترنی کاتی تێستی کرۆنا بگرنەوە، دەتوانن ڕۆژانی دووشەممە تاکوو هەینی لەکاتژمێر ٨ تا ١٥ پەیوەندی بکەن بە ژمارە تەلەفۆنی ٠١٦٢٥٩٣٥٨ و بۆ تێستی کرۆنا کات بگرنەوە.

ڕۆژانی شەممە کاتژمێر ٩ تا ١٥ و ڕۆژانی یەکشەممە کاتژمێر ٩ تا ١٤ شاروەمەندانی شاری کێمی بۆ تێست وەرگرتن دەتوانن بە کات گرتنەوەی پێشوەخت، بڕۆنە بنکەی بێهداشت و تەندرووستی شاری تۆڕنیۆ، لە نزیک گەڕەکی ڕاپالآ.

بۆ کات گرتنەوە دەتوانن لە بەستەرانەی خوارەوەکەڵک وەربگرن، کە لە ڕۆژانی ڕواڵەتیدا لە شاری کێمی و ڕۆژانی ئاخری حەوتە لە شاری تۆڕنیۆیە:

بۆ کات گرتنەوە لە شاری کێمی لەو لینکە کەڵک وەربگرن: https://koronatestauskemijakeminmaa.kehollesi.fi

بۆ کات گرنەوە لە شاری تۆڕنیۆ لەو لینکە کەڵک وەربگرن: https://tornionkoronatestaus.kehollesi.fi/

سرنج بدەن کە تێست یان نموونە گەڵگرتنەوە تەنیا بۆ کەسانێە کە نیشانەکانی ئەو نەخۆشیەیان تێدا بەدی دەکرێ، و ئەو کەسانەی کە بە هۆی سەفەرەوە دەیانهەوێ تێستی کۆڕۆنا بدەن دەبێ سەردانی مێهیلەینێن یان بێهداشت وە یا ن سەردانی مەتەبەکان بکەن.

بەرپرسی گشتیی شارەوانیی:
یوککا ڤیلێن
+٣٥٨٤٠٤٨٦٤١٠١

Kemin kaupunki
Valtakatu 26, KEMI